# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە

**پ.ی.د .هیوا ئەمین جەلال[1]**

[1] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

گەڕەکە کۆنەکان، ئەو گەڕەکانەن کە مێژووی دروستبونیان، بۆ سەرەتاکانی دروستبونی شارەکان دەگەڕێتەوە، بەشێك لە وڵاتان بەتایبەتی وڵاتە پێشکەوتووەکان بایەخ بەگەڕەکەکۆنەکانی شار دەدەن و پارێزگاری لێ دەکەن، ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێ پێیان وایە گەڕەکە کۆنەکان گوزارشت لە مێژوو و هونەری بیناسازی و کەلەپوری شارەکان دەکەن، شاری کۆیەش وەکو هەر شارێکی کۆن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وعێراق و هەرێمی کوردستان، چەند گەڕەکێکی کۆنی وەکو(بەفری قەندی و بایزئاغا و قەڵات)ی لە خۆگرتووە، کە لە رووی پلانی گەڕەك و یەکەکانی نیشتەجێبوون و کەرەستەکانی بیناسازی بۆ سەردەمەکانی کۆنی شارەکە دەگەڕێتەوە، ئەمە جگە لەوەی چەندین یەکەی نیشتەجێبوون و خانووی دێرین هەیە، کە بەشێوازی هونەری بیناسازی ناوازە دروستکراون و گوزارشت لە مێژوو و کەلەپوری شاری کۆیە دەکەن.

**کلیلە وشە:** کۆیە، گەڕەکە کۆنەکان، یەکەی نیشتەجێبوون، شار، مۆرفۆلۆجیای شار

## Abstract:


Old neighborhoods in any city in the world can encounter many problems. Some of these problems lead to the reduction of the population, the displacement of most residential units and the deterioration of houses and their urban characteristicsThe revival of the old city of Koya, like the rest of the old neighborhoods in the world's cities in general and developing countries in particular, face many problems too. In 1947, the population of the old neighborhoods was 100% of the city's total population. In 2017, however, the percentage of the population decreased to less than 8% of the urban population. The materials used therein, as well as the curvature and inadequacy of its road network. In order to address these issues and solve these problems, the research proposes a set of solutions to take into account the factors that are considered in the case of drawing up the plan for the preservation and development of old neighborhoods in the city of Koy.

**Keywords:** Koya, City, City Morphology, Old Neighborhoods, Residential Units

## 1. پێشەکی


لێکۆڵینەوەکە گریمانەیی دەکات، کە
1- دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکان بەردەوام ڕێژەیان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت.
2- یەکەکانی نیشتەجێبوون لەم گەڕەکانە مەرجی تەندروستی بۆ ژیانکردن تێیاندا کەمبووەتەوە، بەرەبەرە دەروخێن و لەناودەچن.
3- دۆخی ژینگەیی و خزمەتگوزاری گەڕەکەکۆنەکانی شار گونجاونین بۆ مانەوەی دانیشتوان و ژیانکردن.
لەم لیکۆڵینەوەیە پشت بەچەند میتۆدێك بەستراوە، لەوانە میتۆدی هەڵێنجاندن و مێژوویی، ئەمە جگە لەوەی بۆ کۆکردنەوەی داتاوزانیاریەکان پشت سەرچاوە و کتێبی جۆراوجۆر و فەرمانگەکانی حکومەت و سەردانی مەیدانی بەستراوە.
ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی دۆخی دیموگرافی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیەیە، بەمەبەستی بەرچاو روونی لایەنە پەیوەندارەکان، بەتایبەتی شارەوانی شارەکە بۆ ئەوەی تاکو زووە پلانێکی تۆکمە دارێژن بۆ پاراستن و پەرەپێدانی گەڕەکەکۆنەکان.
بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجە ئاماژە بۆ کراوەکانی سەرەوە، لێکۆڵینەوەکە بۆ سێ تەوەر و پێشەکیەك و ئەنجام و راسپاردەکان دابەشکراوە، بەجۆرێك لە تەوەری یەکەم باس لە دووراپی دیموگرافی کراوە، هەرچی تەوەری دووەمە تەرخانکراوە بۆ مۆرفۆلۆجی گەڕەکە کۆنەکان، ئەوەی ماوەتەوە تەوەری سێیەمە، کە تایبەتکراوە بۆ فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر گەڕەکە کۆنەکان.
شاری کۆیە کە ناوەندی قەزای کۆیەیە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە ناوچەیەکی ناوەندی لە هەرێمی کوردستان، لە نێوان هەر سێ شاری(هەولێر و سلێمانی و کەرکوك).(نەخشەی ژمارە-1-).
شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری کۆیە سەبارەت بەهێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پـانی(36.3.15)و(36.5.54)باکور، وە نێوان هێڵی درێژی(44.35.45) و (44.39.45)ڕۆژهەلات.(نەخشـــەی ژمارە-2-)، شاری کۆیە دەکەوێتە پێش چیای هەیبەت سوڵتان بۆیە شوێنێکی گرێیی هەیە، یان دەکرێت بڵێن دەکەوێتە نێوان دوو ژینگەی جیاواز، ئەمەش وایکردووە لە رووی بازرگانییەوە زۆر گرینگ بێت چونکە ئەم دوو هەرێمە جگە لە هەرێمی ئـاووهەوای جیـاواز ئەوا بەرهەمیشـــیـان جیـاواز دەبێت (ســـعیـد،2014: 52).هەرچی گەڕەکەکۆنەکانە دەکەوێتە ســەنتەری شـاری کۆیە و پێکهاتوون لە گەڕەکەکانی (بەفری قەندی و قەڵات و بایزئاغا).(نەخشەی ژمارە-3-).

نەخشەی ژمارە(1) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کوردستانی عێراق و پارێزگای هەولێر و قەزای کۆیە




سەرچاوە[1]

نەخشەی ژمارە(2) شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری کۆیە




سەرچاوە[2]

نەخشەی ژمارە(3) شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شاری کۆیە



Original Article | doi:10.14500/krc2019.Gen 242



سەرچاوە[3]

## ٢. تەوەری یەكەم: دوراپی دیوگرافی

دانیشتوان بەیەكێك لە بنەما سەرەكیەكانی هەرناوچەیەك دادەنرێت، بەجورێك گۆڕان لە ڕێژە وگەشەی دانیشتوان، ڕەنگدانەوەی گۆڕانی دۆخی هەرناوچەیەكە بەگشتی، سەبارەت بەناوچەی لێكۆڵینەوە، تیبینی دەكرێت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان بەبەراوورد بەگەشەی دانیشتوانی شاری كۆیە هەمیشە بەرەو داكشانە، بەشێوەیەك لە خشتەی ژمارە(1)دا دەردەكەوێت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان لە ماوەی ساڵانی(1947-1977)دەگاتە(0.6%)بەڵام لە بەرامبەردا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە سەرئاستی شارەكە زیاتر لە (2%)دا بووە، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (1977-2002) ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە گەڕەكەكۆنەكانی شاری كۆیە كەمتر لە (0.5%)دا بووە، كەچی ئەو ڕێژەیە لە شارەكە نزیكەی (4%)دا بووە، ئەمەش بۆ كەمبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك لە ساڵی(1947)، ژمارەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان لە(100%) دانیشتوانی شارەكەیان پێكدەهێنا، بەڵام لە ساڵی(1977) ئەو ژمارەیە بۆ نزیكەی (65%) دابەزی، لە ساڵی(2002) ئەو ڕێژەیە زیاتر دادەبەزێت تا دەگاتە نزیكە (30%).(شێوەی ژمارە-1-)

ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گەڕەكەكۆنەكان بە شێوەیەكی بەرچاو كەم دەبێتەوە، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی (2002-2009)، لەو گەڕەكانە (-6.6%)، ئەمە لەكاتێكدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە شارەكە، دەگاتە(7%)، ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی گەڕەكەكۆنەكان لە كۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری كۆیە، لە ساڵی(2009) گەیشتە(13%)، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (2009-2017) ڕێژەی گەشەی دانیشتوان هەر لە كەمبوونەوە دا بووە، بەشێوەیەك گەیشتۆتە نزیكەی (-2%)، بەڵام ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە تەواوی شارەكە، زیاتر لە (5%)دا بووە، هەر بۆیە ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەكەكۆنەكان لە ساڵی(2017) بۆ نزیكەی (7%)دا كەمبووەتەوە. (خشتەی ژمارە-2-)

سەبارەت بە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەسەرئاستی گەڕەكە كۆنەكان، لە گەرەكێكەوە بۆ گەڕەكێكی تر، لە كاتێكەوە بۆ كاتێكی تر جیاوازە، بەجۆرێك لە خشتەی ژمارە(3)دەردەكەوێت، بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی (1947-1977)لە گەرەكی قەڵاتە، كە دەگاتە نزیكە (2%)، چونكە گەرەكی نوێ بووە، لەو كاتەدا بۆیە بەشێك لە دانیشتوان لە گەڕەكەكانی شار و دەرەوەی شار كۆچیان بۆ ئەو گەڕەكە كردووە،كەچی كەمترین ڕێژەی گەشە هەر لەو ماوەیە لە گەڕەكی هەواو دەگاتە(-0.5%)، لە ماوەی ساڵانی (1977-2002)، گۆڕان بەسەر ڕێژەی گەشەی دانیشتواندا هاتووە، بەجۆرێك بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، كەوتووەتە گەڕەكی هەواو، نزیكەی (3%)دا بووە، كەچی كەمترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو ماوەیەدا لە گەڕەكی بەفری قەندییە دەگاتە (-1.3%)دا، ئەمە لە كاتێكدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو گەڕەكە لە ماوەی ساڵانی (2009-2017) گەیشتووەتە نزیكەی (7%)، بەڵام هەر لەو ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە گەڕەكی بایزئاغا زیاتر لە (-16%)دا بووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، ئەم گەڕەكە بواری فراوانبونی نەمابوو بۆیە بەشێك لە دانیشتوان ئەو گەڕەكەیان بەجێهێشتووە، روویان لە گەڕەكەكانی تری شار كردووە، بەڵام بەهۆی هاتنی ئاوارەكانی باشور و ناوەڕاستی عێراق و پەنابەرەكانی سوریا، ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گەڕەكی بایزئاغایان لە ماوەی ساڵانی (2009-2017) بەرزكردووەتەوە، گەیشتووەتە زیاتر لە (1%)، بەڵام بەهۆی خراپی دۆخی ژینگەیی و رووخانی بەشێك لە خانووە كانی گەڕەكی بەفری قەندی كردنیان بە شوێنی دووكان، وای كردووە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لەو گەڕەكە لە ماوەی ساڵانی (2009-2017) بۆ نزیكەی (-7.8%) كەمبێتەوە.

خشتەی ژمارە(1) ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گەڕەكەكۆنەكان و شاری كۆیە لە ماوەی ساڵانی(1947-2017)[4(*)]


| ماوە | گەشەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان | گەشەی دانیشتوانی شاری كۆیە |
|---|---|---|
| 1977-1947 | 0.6 | 2.1 |
| 2002-1977 | 0.4 | 3.6 |
| 2009-2002 | 6.6- | 7 |
| 2017-2009 | 1.8- | 5.3 |

سەرچاوە[5]

خشتەی ژمارە(2) ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان لە كۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری كۆیە لە ساڵانی (1947-2017)

| ساڵ | ژمارەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان | ژمارەی دانیشتوانی شاری كۆیە | ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان لە كۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری كۆیە(%) |
|---|---|---|---|
| 1947 | 7702 | 7702 | 100 |
| 1977 | 9284 | 14368 | 64.6 |
| 2002 | 10488 | 35414 | 29.6 |
| 2009 | 6961 | 53250 | 13 |
| 2017 | 5975 | 81101 | 7.3 |

شێوەی ژمارە(1) ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەكە كۆنەكان لە كۆی ژمارەی دانیشتوانی شاری كۆیە لە ساڵانی (1947-2017)




سەبارەت بە ئاوارە و پەنابەر لەخشتەی ژمارە(4)دا دەردەکەوێت، گەڕەکە کۆنەکانی شار، لەو گەڕەکانەن، کە زۆرترین ڕێژەی ئاوارە و پەنابەر لە خۆ دەگرن، بە جۆرێك گەڕەکی بایزئاغا نزیکەی (9%) ئاوارە و پەنابەرەکانی شارەکەی لە خۆگرتووە، بەڵام گەڕەکەکانی قەڵات و بەفری قەندی، ڕێژەی ئاوارە و پەنابەر تێیاندا، دەگاتە نزیکەی (6%) و (7%)یەك بەدوای یەکدا، بەرزی ڕێژەی ئاوارە و پەنابەر لەم گەڕەکانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم گەڕەکانە کەوتوونەتە سەنتەری شار و لە بازاڕی شارەوە نزیکن، زۆربەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە بازاری سەنتەری شار کار دەکەن و ڕزگاریان دەبێت لە خەرجی گواستنەوە، ئەوە جگە لەوەی کرێی خانووە لەو گەڕەکانە هەرزانە، لەبەر کۆنی خانووەکان و نەگەیشتنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی.

خشتەی ژمارە(3) ڕێژەی گەشە دانیشتوان لە سەرئاستی گەڕەکە کۆنەکان لە ماوەی ساڵانی (1947-2017)

| گەڕەك | 1947-1977 | 1977-2002 | 2002-2009 | 2009-2017 |
|---|---|---|---|---|
| بەفری قەندی | 0.2- | 1.3- | 6.9 | 7.8- |
| قەڵات | 1.8 | 0.1- | 2.8- | 0.1 |
| بایزئاغا | 0.3 | 1.5 | 16.1- | 1.4 |
| هەواو | 0.5- | 2.6 | - | - |

خشتەی ژمارە(4)

ڕێژەی کۆچبەران لە شاری کۆیە بەگوێرەی گەڕەکەکان لە ساڵی(2015)

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی کۆچبەران | ڕێژەی کۆچبەران |
|---|---|---|---|
| 1 | بایز ئاغا | 571 | 8.72 |
| 2 | قەڵات | 421 | 6.43 |
| 3 | بەفری قەندی | 489 | 7.47 |
| 4 | دڵدار | 9 | 0.13 |
| 5 | چوارباغ | 7 | 0.10 |
| 6 | ئاسۆ | 20 | 0.30 |
| 7 | قەسرێ | 32 | 0.48 |
| 8 | مهاباد | 213 | 3.25 |
| 9 | حەمامۆك | 218 | 3.33 |
| 10 | چنارۆك | 342 | 5.22 |
| 11 | ئازادی | 326 | 4.98 |
| 12 | کێلە خوارە | 15 | 0.22 |
| 13 | زانکۆ | 256 | 3.91 |
| 14 | فیدراڵی | 270 | 4.12 |
| 15 | حاجی قادر | 409 | 6.25 |
| 16 | هاموون | 755 | 11.54 |
| 17 | نالی | 238 | 3.63 |
| 18 | سەرباغ | 654 | 9.99 |
| 19 | سەربەستی | 190 | 2.90 |
| 20 | قەندیل | 270 | 4.12 |
| 21 | زانست | 66 | 1.08 |
| 22 | گەشتیاری | 321 | 4.98 |
| 23 | ڕزگاری | 81 | 1.23 |
| 24 | کۆسرەت | 73 | 1.10 |
| 25 | چوارچرا | 45 | 0.68 |
| 26 | کەکۆن | 109 | 1.66 |
| 27 | ڕاپەڕین | 142 | 2.18 |
| | کۆی گشتی | 6542 | 100 |

سەرچاوە/ هەرێمی کوردستان،(2015)، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە ساڵی 2015.

### ٣. تەوەری دووەم: مۆرفۆلۆژی گەڕەکە کۆنەکان

لەم تەوەرەدا جەخت دەکەینە سەر ڕەگەزەسەرکییەکانی مۆرفۆلۆژیای گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە، کە خۆی لە ( تەرزی خانوو بەرە و شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی و پلانی گەڕەکەکان)، گەر یەك لەو ڕەگەزانە ڕۆڵی دەگێڕن لە سیما و مۆرفۆلۆژی شارەکان بەگشتی و گەڕەکە کۆنەکان بەتایبەتی، هەر بۆیە بەم شێوەیەی لای خوارەوە شیکردنەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی مۆرفۆلۆژیای گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە دەکەین:

**1- تەرزی خانووبەرە و کەرەستەی بەکارهاتوو :**

تەرزی خانووبەرە بە گرینگترین ڕەگەزەکانی مۆرفۆلۆژی دادەنرێت، چونکە ئاستی هونەری و تەکنەلۆژی و پلەی توانستی بیناکان دەخاتە ڕوو، بەجۆرێك دیزاین و جۆری خانووبەرەکان دەبنە پێوەر بۆ ئەو قۆناغە مۆرفۆلۆژیانەی کە پێیدا تێپەڕ دەبێت(محمود، 2007، ل72)، لە خشتەی ژمارە(5) دەردەکەوێت، ژمارەی خانووەکانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە دەکاتە (1742) خانوو، کە دەکاتە نزیکەی (15%)ی سەرجەم خانووەکانی شارەکە، نزیکەی (0.79%) ڕووبەری تەواوی ڕووبەری گەڕەکە کۆنەکان پێك دەهێنن(جەیدی، 2009، ل128).

شێوازەکانی خانووبەرە لە گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە لەسەر شێوازی ڕۆژهەڵاتین، زۆربەی خانووەکانی ئەم گەڕەکانە یەك نهۆمین، بەڵام هەندێکیشیان دوو نهۆمین، بەشێك لە خانووەکان حەوشەیان هەیە و چەند ژوورێکی لە دەوریدا دروست کراوە، ئەم ژوورانەش لەسەر بنەمای دۆخی ئاووهەوا دروست کراوون،

لە بەرئەوەی ئاوهەوای شارەکە لە هاویندا گەرم و لە زستاندا ساردن. بەمەستی ڕوونکردنەوەی شێوازی خانووبەرەکانی لە گەرەکە کۆنەکانی شارەکەدا.

لێرەدا تیشك دەخەینە سەر دیارترین تایبەتمەندییەکانیان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:


1- حەوش: ئەمەش دەکەوێتە ناوەڕاست و ناوەوەی خانوەکە، کە شێوەی لاکێشەیە یان چوار گۆشەیی وەردەگرێت، کە ڕووبەرەکەی ڕاستەوانەیە لەگەڵ ڕووبەری خانووەکە واتە هەرچەندە ڕووبەری خانووەکە گەورە بێت، حەوشەکەش گەورەتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە هەرچەندە ڕووبەری خانووە بچوك بێت، حەوشەکەش بچوك تر دەبێت، وەزیفەی حەوشە جوراوجۆرە هەندێ جار بۆ نان خواردن بەتایبەتی لەوەرزی هاوین، بۆ جل شوشتن و خواردن دروست کردن بەکاردێت، هەندێ جاریش چەند دارێکی بەرداری وەکو هەنجیر و ترێ...هتد، دەچێندرێت.

خشتەی ژمارە(5) ژمارەی بەکارهێنانەکانی زەوی لە گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە لە ساڵی(2017)

| ز | جۆری بەکارهێنانی زەوی | ژمارە | کۆی بەکارهێنانەکانی زەوی شار | ڕێژەی بەکارهێنانەکان لە گەرەکە کۆنەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | خانووبەرە | 1742 | 11931 | 14.6 |
| 2 | بازرگانی | 1217 | 2787 | 43.6 |
| 3 | پیشەسازی | 1 | 3 | 33.3 |
| 4 | تەندروستی | 2 | 7 | 28.5 |
| 5 | خوێندن | 8 | 55 | 14.5 |
| 6 | ئاینی | 12 | 39 | 30.7 |
| 7 | باخچە | 7 | 59 | 11.8 |
| 8 | شوێنەکانی کات بەسەربردن | 50 | 98 | 51 |

سەرچاوە: هەرێمی کوردستان، (2017)، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای هەولێر، بەرێوەبەرایەتی شارەوانی کۆیە، داتای بڵاونەکراوە.

شێوەی ژمارە(2) ڕێژەی بەکارهێنانەکانی زەوی لە گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە لە ساڵی(2017)(%)




سەرچاوە/ خشتەی ژمارە(5).

2- ڕێرەو: ئەوەش لە دەرگای حەوشەوە دەست پێدەکات بۆ ناو ژوورەکانی تر لە پێناو پاراستنی حوورمەتی خانوەکە، واتە لە ڕێرەوەوە دەچێتە ژوورەوە ئەم ڕێرەوەش لەو خانووانە بەدی دەکرێت کە تەسکن و حەوشێکی بچوکیان هەیە.

3- هەیوان: بەشێکی تری گرینگی ماڵە کە بەرزترە لە چاو حەوشە، بەشێکی گرینگی خانوو بەرەکانی گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە، هەیوان لە تەنیشت ژوورەکان دروست دەکرێت، لە کۆڵەکەدار و سەرەکەی بەدار و قەمیش یاخود قوڕ سواخ دەدرێت.


4- ژوور: بەشێکی تری خانووبەرە کلاسیکیەکانی ئەم گەرەکانەیە، کە بەشێوەیەکی لاکێشەیی یان چوار گۆشە دروست دەکرێت، لەم ژوورانە دەرگای چوونە ژوورەوە وپەنجەرە بۆ هەوا گۆڕکێ هەیە، سەری ژوورەکان بە دار و قەمیش دروست کراوە و بەقوڕ سواخ دراوە.

5- گەرماو و ئاودەست: بەشێکی گرینگی تری خانووبەرە کانی گەرەکە کۆنەکان، شوێنی گەرماو لە زۆربەی ئەم جۆرە خانووانە، بە ڕووبەرێکی بچوك دەکەوێتە قوژبنی یەکێك لە ژوورەکان، وەکو ئاشکرایە گەرماو بۆ خۆشوشتن یان جل شوشتن بەکاردەهێندرێت. بەڵام هەرچی ئاودەستە لە زۆربەی خانووەکان دەکەوێتە ژێر قادرمەکان.

6- ژێر زەمین: بەشێکی گرینگی ماڵەکانی گەرەکە کۆنەکانی شارەکەیە، لە بەشی ژێرەوەی خانووەکان لە خشت و قوڕ و دار دروست دەکرێت و هەندێ کەلێن و بۆشایی تێدایە ئەمەش بۆ هەوا گۆڕکێ سوودی هەیە، وەزیفەی سەرەکی ژێر زەمین لەم خانووانە بۆ هەڵگرتن و خەزنکردنی کەل و پەل و خۆراك لە وەرزی زستان بەکاردەهێندرێت، هەموو ئەمانەش بە گوێرەی پلانی ئەو سەردەمانە دروست کراوون.

7- سەربان و قادرمە: یەکێك لە بەشەکانی خانووەکۆنەکان سەربانە کە لە وەرزی هاوین بۆ خەوتن و ووشکردنەوەی خۆراکی هاوینە بۆ وەرزی زستان بەکاردەهێندرێت، لەبەر گەرمی ئاوهەوا لەوەرزی هاویندا، بەخۆڵ یان بەقوڕ سواخ دراوە، بەڵام لەوەرزی زستان بەهۆی بارینی بەفر و باران و دزەکردنی ئاو بە باگردێن دەپەستریتەوە. بەڵام هەرچی قادرمەکانە بەشێك لە حەوشەکان داگیردەکات بۆ سەرکەوتن بۆ سەربانەکان بەکاردەهێندرێت، لەگەچ و بەرد دروستکراوون، بەپانایی یەك مەتر، زۆربەی قادرمەکان ڕکن سەرکەوتن پێیاندا تارادیەك زەحمەتە، قادرمەکان بەهەورەبانەکان کۆتاییان دێت.(هێلکاری ژمارە-1-)

هێڵکاری ژمارە(1) دیزاینی ناوەوەی خانووەکانی بایزئاغا



سەرچاوە/پشت بەست نەخشەی خانوی ژمارە (17)ی گەڕەکی بایزئاغا.

سەبارەت بە کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی خانووبەرەدا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ لێکۆڵینەوەی بارودۆخی خانوبەرە و جۆرەکانی و تەمەنیان، جگە لەوەی کە کەرەستەی بەکارهاتوو شوێن و پێگەی خاوەنەکەی دیاری دەکات لەرووی کۆمەلآیەتی و ئابوری. کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروست کردنی دیوار و سەرخانو دەردەکەوێت زۆر جاریش کەرەستەی دروستکراوو دەرگا و پەنجەرەکانیشی دەگرێتەوە، لە راستیدا بوونی جیاوازی لە کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی خانووەکاندا رەنگدانەوەی قۆناغێکە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە رووی ئابوری و شارستانیدا(السعدي واخرون، 1990. ص139 ). بەشێوەیەکی گشتی کەرەستەی بەکارهاتوو لە گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە لە ساڵانی چلەکاندا بریتی بووە لە گەچ و قوڕ و بەرد و دار، هەر بۆیە بۆ دروستکردنی دیوار قوڕ و گەچ و بەردیان بەکارهێناوە، هەروەها دار و قوریشیان بەکارهێناوە بۆ سەرخانووەکان، لە دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەشدا دار بە پلەی یەکەم و ئاسن بە پلەی دووەم بەکارهاتووە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین زۆربەی هەرەزۆری خانووەکانی گەرەکە میللیەکان لە ماددەی گەچ و قوڕ و بەرد و دار و ئاسن دروستکراون، بەڵام هەندێك لە خانووەکانی ئەم گەڕەکانە دوای نوژەن کردنەوەیان کەرەستەی تری وەکو بلوك و چیمەنتۆ و لم وشیش و ئاسن وئەلەمنیۆمیان بەکارهێناوە.

**2- شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی لە گەڕەکە میللیەکانی شاری کۆیە:**

پرۆسەی پۆلێنکردن بە هەنگاوی یەکەم و گرینگ دادەنرێت، بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتەی ناوخۆی شارەکان، بەجۆرێك نەخشەی بەکارهێنانی زەوی گرینگە بۆ پرۆسەکانی پلاندانانی شارەکان یان دووبارە دانانەوەی پلان بۆ هەندێ لەگەڕەکەکانی شار، بەئامانجی گەیشتن بەباشترین شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی لە شاردا، لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی بەکارهێنانەکانی زەوی لە گەرەکە میللیەکانی شاری کۆیە تێبینی ئەمانەی خوارەوە دەکرێت:-

1- بەکارهێنانی بازرگانی:

لەخشتەی ژمارە(5) تێبینی دەکرێت گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە زیاتر لە (43%)ی سەرجەم دوکانی شاری کۆیەی لە خۆگرتووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکە میللیەکانی کەوتوونەتە ناوجەرگەی بازاڕی سەرەکی شارەکە، ئەم ناوچەیەش زۆرترین چالاکی بازرگانی بۆ خۆی کێش دەکات، چونکە وەزیفەی بازرگانی لە دێر زەمانەوە، وەزیفەیەکی بنەڕەتی شار بووە، سەرجەم چالاکیە بازرگانیەکان بەتاك و کۆ تێدا کۆبوونەتەوە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێن هەر دوو گەرەکی (بایز ئاغا و بەفری قەندی) کە دوو گەڕەکی میللیین زۆرترین چالاکی بازرگانی لە تێیایدا کۆبوونەتەوە، چونکە هەر دوو گەڕەکی ناوبراو کەوتونەتە ناوجەرگەی بازاڕ.

2- بەکارهێنانی پیشەسازی:

وەکو ئاشکرایە رێژەی بەکارهێنانی پیشەسازی لە گەڕەکە میللیەکانی شاری کۆیە نزیکەی(0.8%)کۆی بەکارهێنانەکانی بواری پیشەسازی شارەکە پێك دەهێنێت(خشتەی ژمار(5)، بەرزی نرخی زەوی و کەمی شوێنی گونجاو بۆ چالاکیە پیشەسازیەکان، فاکتەری سەرەکین لە وەدەرنانی چالاکیە پیشەسازییەکان لەو گەڕەکانە، ئەوەش لە بەر ئەوەی دامەزراوە پیشەسازیەکان پێویستیان بە رووبەری فراوان و ئاسانی گواستنەوە و دوورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی هەیە، ئەم کەمبوونەوەی چالاکیە پیشەسازییەکان لە گەڕەکە کۆنەکانی شارەکە، هاوتەریبە لە گەڵ ئاراستە نوێیەکان، کە بەرەو کەمبوونەوەی ئەو چالاکیانەیە لە گەڕەکە میللیەکان، چونکە بوونی چالاکیە پیشەسازیەکان کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر دۆخی ژینگە و پاشان تەندروستی دانیشتوانی شار(جابر، 2003، ل337).

3- بەکارهێنان لە بواری خزمەتگوزارییەکان:

مەبەست لە خزمەتگوزارییەکان، خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و باخچە و شوێنەکانی کات بەسەر بردن دەگرێتەوە، هەموو ئەو خزمەتگوزاریانە لە گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە بەرچاو دەکەوێت، بەڵام هەریەکە و بەرێژەی جیاواز بەجۆرێك لە خشتەی ژمارە(5) تێبینی دەکرێت، خزمەتگوزاری تەندروستی (28%) و خوێندن (14%) و ئاینی (31%) و باخچەکان (12%) و شوێنەکانی کات بەسەر بردن (51%) ی سەرجەم وەزیفەی خزمەتگوزاریەکانی شار پێك دەهێنن.

**3-سیستەمی شەقامەکان:**

لە گەرەکە کۆنەکانی شاری کۆیە، زۆربەی شەقامەکان لە جۆری شەقامی ئۆرگانین، بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی (بەفری قەندی و بایز ئاغا و قەڵات) بەرچاو دەکەون، کە شێوەی نارێك و پێچاوپێچن و هەندێ جاریش داخراوون(وێنەی ژمارە-1-) و لێکناچن لە ئاراستە و پانی، لە زۆربە شارەکۆنەکان بەتایبەتی لەو گەڕەکانەی لە رووی مێژووییەوە کۆنن( الجنابي, 1987, ص 79)، ئەم جۆرە شەقامانە لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گونجاوە لە گەڵ دۆخی ئاوهەوا بەشێوەیەکی بیناسازی(علي, 2004, 289.) بەڵام هەندێ لایەنی خراپی هەیە لەوانە نەگونجانی ئەم جۆرە شەقامانە لە گەڵ پێداویستیەکانی گواستنەوە و جوڵەی گواستنەوە، بەتایبەتی چوونی ئۆتۆمبیل بۆ ئەم گەڕەکانە و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی، ئەمەش لەبەر ئەوەی پانی شەقامە سەرەکیەکانی ناگاتە(10م) و پانی کۆلانەکانی لە نێوان(1-5م).

وێنەی ژمارە(1)

کۆڵانی داخراوو(گەڕەکی بەفرقەندی)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە رێکەوتی (2018/11/3)

**٤. تەوەری سێیەم: فاکتەرەکانی کاریگەر لە گەڕەکە کۆنەکان:**

لێرەدا کۆمەڵێك فاکتەر هەیە کە بەجۆرێك لەجۆرەکان کاریگەرن لەسەر دۆخی ئابوری و ژینگەیی و خزمەتگوزاری گەڕەکە کۆنەکان، کە بوونەتە هۆی ئەوەی بەو دۆخەی ئێستا بگەن، بەشێوەیەك خەریکە ئەو گەڕەکانە بەتەواوی لە ناوچن و شوێنێك نەبن بۆ ژیان کردن، بەمەبەستی زیاتر تیشك خستنە سەر دۆخی ئێستای گەڕەکەکۆنەکان و ئەو گیروگرفتانەی کە رووبەروویان دەبنەوە لە شاری کۆیە، بۆیە

بەشێوەیەکی تێروتەسەل باس لەوە دەکەین کە کاریگەریان لەسەر گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە هەیە، لەوانە:

1- فاکتەری مێژوویی: مێژووی ئەم گەڕەکانە بۆ سەرەتاکانی دروستبونی شاری کۆیە دەگەڕێتەوە، هەندێ لە خانووبەرەکانی ئەم گەڕەکانە مێژوویان بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو کەرەستانەی خانووەکانی پێدروست کراون لە لەلایەك کۆنن، لە لایەکی تریشەوە توانای بەرگەگرتنیان لە گۆرانکارییەکانی ئاوهەوایان نەماوە(الجنابي واخرون, 2012, 335)، بۆیە بەشێك لە خانووەکان رووخاون و هەندێکیشیان نزیکن لە رووخان(وێنەی ژمارە-2و3و4)، ئەوە جگە لە دیزاینی خانووبەرەکان کە دیزاینێکی کۆنە و خێزانەکان لە کاتی ئێستادا ئەو دیزاینانە پەسەند ناکەن.

هەروەها سەبارەت بە پلانی گەڕەکەکان کە بەشێوەیەکی نارێك و پێك دروست کراون، شێواز و ئاراستەی کۆڵانەکان نارێکن و ناڕوون، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری ئاوهەوا بووە، لەسەر دانیشتوانی ئەو گەڕەکانە لە کاتی خۆیدا.

وێنەی ژمارە(2)

خانووی رووخاوو(گەڕەکی بایزاغا)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/11/3)

وێنەی ژمارە (3)

خانووی چۆڵ(گەڕەکی بایزاغا)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/11/3)

وێنەی ژمارە(4)

کۆڵانی رووخاوو (گەڕەکی قەڵات)



**لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/12/14)**

2- فاکتەری ژینگەیی: لەبەرکۆنی گەڕەکە کۆنەکان، دۆخی ژینگەییان تەندروست نیە بۆ ژیان، چونکە بەشێکی زۆری خانووەکان شێدارن و مەرجی تەندروستیان بۆ ژیان نەماوە(وێنەی ژمارە-5-)، ئەوە جگە لەوەی بەشێك لە خانووەکان رووخاون ویان مەترسی رووخانیان لەسەرە، ئەمەش وای کردووە دانیشتوان هەست بە ژینگەیەکی نائارام بکەن، لەو گەڕەکانە، ئەمە لە پاڵ ئەوەی تۆڕەکانی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە و کارەبا و ئاوەڕۆی ماڵان خەریکە بەتەواوی کۆن دەبن و لە کاردەکەون، ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی نزیکیان لە ناوچەی سەنتەری بازار و هاتوچۆکردنی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بۆ بازاڕی گەورە بەمەبەستی بازاڕی کردن و هاتوچۆکردنی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل و بوونی مولیدەکانی کارەبا، بوونەتەهۆی دروستبونی ژاوەژاوێکی زۆر، وای لێهاتووە دانیشتوان لەو گەڕەکانە هەست بە حەسانەوە نەکەن، تەسکی و نارێك و پێکی کوچەوکۆڵانەکانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە بوونەتە هۆی ئەوەی ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی نەتوانن بەتەواوی زبڵ و پاشەڕۆی ماڵان کۆبکەنەوە(وێنەی ژمارە-6-)، ئەمەش بۆتە هۆی پیسبونی ژینگەی ئەو گەڕەکانە و بڵاوبوونەوەی مێش و مەگەز و بۆنی ناخۆش، ئەوە سەرباری پاشماوەی خانووە رووخاوەکان لە گەڕەکەکۆنەکانی شارەکە(وێنەی ژمارە-7و8و9).

وێنەی ژمارە (5)

شێی دیوار(گەڕەکی بایزاغا)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/12/14)

وێنەی ژمارە(6)

کۆڵانی تەسك(گەڕکی بایزاغا)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/11/3)

وێنەی ژمارە(7)

کۆبوونەوەی پاشماوەی خانوی روخاو(گەرەکی بایزاغا)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/12/14)

وێنەی ژمارە(8)

کۆبوونەوەی پاشماوەی ماڵان(گەرەکی قەڵات)



لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/12/14)

وێنەی ژمارە (9)

کۆبونەوەی پاشماوەی ماڵان لە شوێنی خانووە رووخاوەکان(گەرەکی بایزاغا)



**لە لایەن توێژەرەوە گیراوە لە ڕێکەوتی (2018/12/14)**

3- فاکتەری ئابوری: فاکتەری ئابوری یەکێکی ترە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری لەسەر گەڕەکە کۆنەکان هەیە، چونکە زۆربەی ئەو گەڕەکانە کەوتوونەتە سەنتەری بازار یان نزیکن لەسەنتەری بازاڕ، بازرگان و دوکاندارەکانی بازاڕ خانووەکانی ئەو گەڕەکانە بەکرێ دەگرن بۆ مەبەستی کۆگاکردنی کاڵا وکەل وپەلەکانیان، یان بەکارهێنانی خانووەکان بۆ شوێنی کارگەی بچوک.

لەبەر نزیکی ئەو گەڕەکانە لەسەنتەری بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی زەوی لەو شوێنانەی نزیك بازاڕن، بەرگەنەگرتنی شێوازی بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوون لە رکابەری لەگەڵ فراوانبونی وەزیفەی بازرگانی بەردەوام یەکەکانی نیشتەجێبوون لە گەرەکە کۆنەکان، تێکدەدرێن و دەکرێن بەبازاڕ و دوکان و مۆڵ و مارکێت، هەر بۆیە شێوازەکانی بەکارهێنانی زەوی نیشتەجێبوون بەبەکارهێنانێکی لاواز دادەنرێت لە رکابەری لەگەڵ بەکارهێنانەکانی تر، بەتایبەتی بازرگانی و پیشەسازی.(الهیتي و حسن، 1986، ل131)

## ٥. ئەنجامەکان

لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1- ڕێژەی دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە بەردەوام بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەجۆرێك لە ساڵی(1947) دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکان لە (100%) دانیشتوانی شارەکەیان پێکدەهێنا، کەچی لە ساڵی (2017) تەنها (7.3%) بووە.

2- یەکەکانی نیشتەجێبونی و خانووبەرەکان سەرباری ئەوەی کۆنن و مەرجی تەندروستی بۆ نیشتەجێبوونیان نەماوە، بەرەبەرە دەروخێن و لەناودەچن.

3- هەندێ لە خزمەتگوزاریەکانی وەکو پارك و خوێندن...هتد. لەم گەڕەکانە ڕێژەیان کەمە، کەچی وەزیفەکانی تری شار بە تایبەتی بازرگانی بەرەبەرە لەم گەڕەکانە بەرەو زیادبوون دەچن، ئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر جەنجاڵ بوون و هەراسانکردنی دانیشتوانی گەڕەکە کۆنەکان.

4- ڕێژەی نیشتەجێبونی دانیشتوانی ئاوارە و پەنابەر لەم گەڕەکانە زۆرترە بەبەراوورد لەگەڵ گەڕەکەکانی تری شارەکە.

5- کۆمەڵێ هۆکاری ژینگەیی و ئابوری و خزمەتگوزاری هەیە، کە بوونەتە هۆی ئەوەی دۆخی گەڕەکە کۆنەکان نە گونجاوبن بۆ مانەوە و نیشتەجێبونی دانیشتوان.

## ٦. ڕاسپاردەکان:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی ڕووبەڕووی گەڕەکە کۆنەکانی شاری کۆیە دەبنەوە، لێکۆڵینەوەکە ئەم چەند ڕاسپاردەیەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

1- دەستەبەرکردنی داتاوزانیاری تایبەت بە دانیشتوان و خزمەتگوزاری، بۆ ئەوەی توێژەران و پسپۆڕان بتوانن سوودی لێوەربگرن لە لێکۆڵینەوەکانیان لە دیاردەجوگرافیەمرۆییەکان و بەشداری کردن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکان و دروستکردنی بڕیاری گەشەپێدان.

2- دانانی میکانیزمێك بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خانووبەرەچۆڵ و ڕووخاوەکان، کە بوونەتە مەکۆی گرفتی ئابوری و خزمەتگوزاری و مۆرفۆلۆجی گەڕەکە کۆنەکان.

3- دانانی ڕێ و شوێنی توند بۆ بەکارهێنانی یەکەکانی نیشتەجێبوون وەکو کۆگا، چونکە دۆخە بۆتەهۆی دروستبوونی گرفتی گواستنەوە و تەندروستی.

4- لەکاتی دانانی پلان بۆ چارەسەرکردن و پاراستن و گەشەپێدانی گەڕەکە کۆنەکان، پێویستە دۆخی دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە لە بەرچاوبگیردرێت، ئەوەش بەقەرەبووکردنەوە و دروستکردنی یەکەی نیشتەجیبوون بۆیان لە شوێنێکی تر.

5- دروستکردنی باخچە و سەوزایی لە گەڕەکە کۆنەکانی شار بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی گەشتیاری و کات بەسەربردن، ئەمەش خزمەت بەژینگەی شارەکە دەگەیەنێ و هاوبەشی دەکات لە هەمەچەشنی سەرچاوەکانی داهات بۆ شار و دەستەبەرکردنی هەلی کار و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی دانیشتوانی شاری کۆیە.

## ٧. سەرچاوەکان:

الجنابي, صلاح حميد و أخرون, كانون الثاني 2012, التدهور الشكلي أو المورفولوجي للبؤرة القديمة لمدينة أربيل, مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية, المجلد(20), العدد1.

الجنابي, صلاح حميد, 1987, جغرافية الحضر-اسس وتطبيقات, دار ابن الاثير للطباعة والنشر, اربيل.

جەیدی،مەنداوو حمد عبدالله،2009،پێکهاتەی ناوخۆی شاری کۆیە- لێکۆڵینەوەك لە جوگرافیای شار، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، نامەی بڵاونەکراوە.

الحديثي, طه حمادي, 1988, جغرافية السكان, مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر, جامعة الموصل, الموصل.

السعدي وأخرون, محمد صالح, 1990, جغرافية الاسكان, مطابع دار الحكمة للطباعة والنشر, اربيل.

سەعید، کامەران تاهیر،2008، کۆیە- لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی، چ1،مەڵبەندی کوردۆلوجی، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.

علي, زين العابدين, 2004, تخطيط حضري-مدخل عام, ط1, دار الكتب الوطنية ليبيا.

الكربولي, محمود عكاش احمد, 2011, موفولوجية مدينة القائم, رسالة الماجستير, كلية التربية للعلوم الانسانية, جامعة الانبار, رسالة غير منشورة.

محمد, خليل اسماعيل،(2006), القضية الكردية في العراق وجود أم حدود؟, جامعة صلاح الدين/أربيل, أربيل

الهيتي, صبري فارس و صالح فليح حسن, 1986, جغرافية المدن, مطبعة مديرية دار الكتب للطباعة و النشر, جامعة الموصل, الموصل.

### ٧.١ چاپکراوە حکومیەکان:

اقليم كوردستان العراق, 2002, مديرية احصاء السليمانية, المؤشرات السكانية و البنى الخدمات الارتكازية لاقليم كوردستان العراق, عدد سكان مدينة كوية.

اقليم كوردستان العراق, 2009, وزارة التخطيط, مديرية العامة للاخصاء محافظة اربيل, نتائج الحصر و الترقيم,غير منشورة.

الجمهورية العراقية, 1977, وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, نتائج الحصر و الترقيم لسنة 1977, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد.

المملكة العراقية, 1954, وزارة الشؤون الاجتماعية, مديرية النفوس العامة, احصاء السكان لسنة 1947, ج2, لواء(موصل وكركوك و اربيل), بغداد.

هەرێمی کوردستان، 2015، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی ئاوارە و پەنابەرەکان.

هەرێمی کوردستان، 2017، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە.

هەرێمی کوردستان، 2017، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی پارێزگای هەولێر، بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی کۆیە، داتای بڵاونەکراوە.

هەرێمی کوردستان، 2017، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن، نەخشەی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی نازە، هەولێر.

هەرێمی کوردستان، 2018, وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە.

هەرێمی کوردستان، 2018, وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە.

[1] - خليل اسماعيل محمد،(2006), القضية الكردية في العراق وجود أم حدود؟, جامعة صلاح الدين/أربيل, ص127

- هەرێمی کوردستان، (2018) ، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە
- هەرێمی کوردستان، (2017) ،وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە، بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن، نەخشەی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی نازە، هەولێر.

[2] -کاری توێژە بەبەکارهێنانی بەرنامەی(Arc Map)
- هەرێمی کوردستان،(2018), وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە.

[3] - .کاری توێژە بەبەکارهێنانی بەرنامەی(Arc Map)
- هەرێمی کوردستان،(2018), وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار ،سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، پشت بەست بەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە.

[4] ڕێژەی گەشەی دانیشتوان پشت بەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەرهێندراوە:
r= ڕێژەی گەشەی دانیشتوان
P 1 = ژمارەی دانیشتوان لە دواین سەرژمێری
0P = ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری یەکەم .
t = ژمارەی ساڵانی نێوان سەرژمێری یەکەم و دواین سەرژمێری .

$$r = \left( \sqrt[t]{\frac{p1}{p0}} - 1 \right) \times 100$$

المصدر: (الحديثي 1988: 291).

[5] 1- المملكة العراقية,(1954), وزارة الشؤون الاجتماعية, مديرية النفوس العامة, احصاء السكان لسنة 1947, ج2, لواء(موصل وكركوك و اربيل), بغداد, ص246.
-2الجمهورية العراقية, (1977), وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للاحصاء, نتائج الحصر و الترقيم لسنة 1977, مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء, بغداد, ص683.
-3اقليم كوردستان العراق, (2002), مديرية احصاء السليمانية, المؤشرات السكانية و البنى الخدمات الارتكازية لاقليم كوردستان العراق, عدد سكان مدينة كوية, ص 272.
-4اقليم كوردستان العراق (2009), وزارة التخطيط, مديرية العامة للاخصاء محافظة اربيل, نتائج الحصر و الترقيم, غير منشورة.
5- هەرێمی کوردستان،(2017)، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی ئاماری کۆیە، ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە.